# شەونامە، بە تامی ڕۆشنایی
## پێشەوا کاکەیی

### لە بری پێشەکیی، چەند قسەیەک

پێش ئەوەی «شەونامە، بە تامی ڕۆشنایی» بنووسم، پێشتر دوو کاری شیعرییم لەسەر «شەو» کردووە؛ لە ڕوانگەی مرۆڤەوە بۆ دنیای سوننەتیی و مۆدێرنە، کە لە دەوری بابەتی فەلەک و گەردووندا دەسووڕێتەوە. کە کاری یەکەم: «شەو و خولانەوە، بە دەوری پرسیاردا» و کاری دووەمیش: «دنیای گەردوون» بووە. کە ئەوەشیان کاری سێیەممە لە بارەی شەو و قووڵاییی خۆیەوە، وەک شیعر لە بابەتی گەردوونیییەوە. «کە شەونامە، بە تامی ڕۆشنایی، جودایە لە پڕۆژەکانی ئەفریقانامە و زەمیننامە و ئەمریکانامە بە تامی شیعر، کە چەند پڕۆژەیەکی دیکە ماون، لە ئایندەدا تەواو دەبن.» ئەوەی ویستوومە لێرەدا و چی لە دوو کارەکەی پێشتریشمدا، شیعر لە خودیەتیی مرۆڤەوە بگوازمەوە بۆ خودیەتیی تێگە؛ بە واتایەکی دی، چیدی شیعر وشە نەکاتە کەرەستەی خۆی بۆ کایەی

«شەو، لە ڕۆشناییدا: تاریکیی
و دەردەدڵی گشت شاعیرانی شی
کردووەتەوە؛
من کە بڵێسەیەک شك دەبەم: ج
دەبێت، ڕۆشناییی شەوی بێ شی
بکەمەوە!»

مـرۆڤ، بەڵکـو ئێسـتەیەک لەسـەر وشـە بـکات و خـودی شـیعر لـە قووڵاییـی ئـەو وشـەدا بگیرسـێتەوە، کـە خزمەتێکـی زۆری دنیـای شـیعر و شـاعیرانی کـردووە. مـرۆڤ و وشـە، مـرۆڤ و شـەو، وەک دوو تێگـەی هاوسـەنگیی لـە کایـەی گەردوونییـدا بمێننـەوە، نـەک دنیـای گـەردوون بـۆ ویسـتێکی چرکەسـاتیی دڵـی شـاعیر بخرێتـە نێـو دوو دێـڕە شـیعرەوە و وەک میـوان حـزووری هەبێـت. شـەو، وەک دڵنەواییـیـەک بـۆ غەمـی شـاعیر، هەوێنـی شـیعر بێـت. پرسـیار ئـەوە نییـە لێـرەدا لـە بـارەی شـیعری کەسـەوە بدوێـم، کـە دەبێـت لـە تێگەیەکـدا قـووڵ ببنـەوە؛ بەڵکـو ئـەوە بـۆ خوێندنەوەیەکـی قووڵـی ڕەخنەگـران بـە جێدێڵـم. ئـەوەی مـن گەرەکمـە لێـرەدا بـە کورتـی بیڵێـم: هاوسـەنگییەک بـۆ وشـە بگێڕمـەوە و چیـدی وشـە لـە خودیەتیـی مرۆڤـدا قەتیـس نەکرێتـەوە. قووڵبوونـەوە لـە شـەو، یـان تەنیایـی چەکچەکیلەیـەک، سـەفەرکردن بـە نێـو جیهانـدا یـان چوونـە نێـو جیهـان، بچـووک نەکرێتـەوە بـۆ خودیەتیـی «مـن، تـۆ و ئێمـە» بەڵکـو کارکـردن لەسـەر خـودی شـەو یـان گـەردوون وەک ڕووبـەری گشـتیی، یـان ئەسـتێرە، یـان هـەر هەسـارەیەکی دی و بگـرە گەمـەی مەیمـوون، ڕوانیـن لـە گیانـدار، جوانـی ڕووەک و ڕامـان لـە باڵنـدە، تـا دوایـی... لـە ڕووبەرێکـی گشـتییدا، خـۆی وەک خـۆی بناسـرێت و خـۆی لـە کایـەی شـیعرییدا وەک خـۆی بەشـدار بێـت، نـەک ببنـە کەرەسـتەیەکی شـیعریی بـۆ خودیەتیـی شـاعیر. لێرەدا، بـە پێویسـتی نازانـم لەمـەڕ «شـەونامە، بـە تامـی ڕۆشـنایی» قسـەیەکی وەهـای لـە بـارەوە بکـەم و وەهـا بپەیڤـم، کـە ئاخـۆ ئامانجـم لـەوەدا چـی بێـت، بەڵکـو بـۆ خوێنـەر بـە جێیدێڵـم و خـۆی لـە قووڵاییـدا بـە ئامانجـی ئـەو شـیعرە بگات، کـە ئاخـۆ ویسـتومە شـیعر لـە فەزایەکـی دیـدا کار بـکات؟

ئیـدی ئـەوکات ڕەنگیشـە دەیـان کـەس بچنـە نێـو قووڵاییـی شـەوەوە و دەیـان کەسـیش بەرپەرچـی ئـەو ڕامانـەی مـن، بـۆ شـەو بدەنـەوە؛ کـە بـۆ دەڵێـم: «شـەو ڕۆشـنە و تاریـک نییـە» ئیـدی نەهاتـووم مێتافیزیکیانـە، یـان فەلەکناسـیانە، یـان فەلسـەفیانە شـیی

بکەمـەوە، بەڵکـو ویسـتوومە شـیعر دەگـەڵ گەردوونـدا بدوێـت و ڕۆشـناییی خـۆی شـی بکاتـەوە. هەڵبـەت دوای ئـەم کارەشـم، جارێکـی دی و لـە کاتێکـی دیکـەدا... دەچمـەوە نێـو یەکـێ لـەو فـەزا شـیعریانە و لـەو بارەیـەوە کاری دیکـەی تێـدا دەکـەم، کـە دوا جـار کـۆی ئـەم کارە شـیعرییانەم، وەک پڕۆژەیەکـی شـیعری دنیـای گەردوونیـی کـۆ دەکەمـەوە. لـە ئێسـتاشـەوە دەمەوێـت بڵێـم: خـودا یـار بێـت، بـە نێـوی «گەردووننامـە،» لـە کتێبێکـدا دێتـە بەرهـەم.

❊❊❊

-١-

شەو، بەرلەوەی بچێتە دۆخی شەوبوونیەوە:
یەکەم وشەی لەسەر خۆی شی کردەوە،
کە بۆ نێویان بردووە بە تار؛
وەک ئاوازێکی غەمگین چڕدراوە و
کراوەتە بە ئامێرێکی تار.
شەو، گوتی: دڵ کە ڕۆشنایی نەبێت:
ڕوانین... تاریکیی دادەگیرسێنێت و
هەرگیز بۆی نابێتە یار!

-٢-

شەو، وەختێک کە لە تێزی فەلسەفە دەبێتەوە:
دەیەوێت باڵ بگرێت و بفڕێت...
بۆ ئەوەی بچێتە نێو هۆمەڵغەزاییەوە.
کەچی لە نێو پەڕەسێلکە و باڵخەنجەرەدا:
چەکچەکیلەی لێ ون دەبێت؛
فەلسەفە و فیزیاش، سەریان لێدەشێوێت:
نازانن کە ڕووناکیی لێ دەردەچێت!

-٣-

شەو، کە خۆی دەخزێنێتە نێو ڕۆچنەی بن گوێسەبانێکەوە:
سەرێک لە مارمێلکە دەدات،
بۆ ئەوەی بزانێت: چۆن گفتوگۆ لەگەڵ تاریکییدا دەکات؛
چۆن لەترووسکایی دەڕوانێت.
قووڵتر دەپەیڤێت...
تاکو بزانێت وەک مرۆڤ، لە مانگ دەڕوانێت!

-٤-

شەو، لەگەڵ لێزمەی باراندا دێتە خوارەوە...
گوێ لە تکەتکی ئاو دەگرێت، بۆ ئەوەی بزانێت:

ئەم چادرە بۆ کونی تێ بووە و بالۆرە دەڵێت.
دادەمێنێت و دەڵێت: ئەی خۆر ئیشی چی بووە:
کە ڕووناکیی بە ماڵە هەژارێکی نەبەخشیبێت!

-٥-
شەو، لە بیابانێکدا بە جێدەمێنێت،
بەدیار دارێکی وشکوبرینگەوە، چیرۆکی خۆڵ دەگێڕێتەوە:
کە چاو، چەند تامەزرۆی بینین بووە.
لە شوێنپێ ڕادەمێنێت،
دەزانێت: چەند گریێ دەروونیی دەخۆیدا هەڵگرتووە.
دەزانێت کە: «با» چۆن مێژووی فەنابوونی عیشقی نووسیوەتەوە!.

-٦-
شەو، خۆشی هەست بە ترس دەکات،
کە لە نێو قامیشەڵێنەکاندا:
بە بەلەمێکی بچووک، سەوڵ لێدەدات.
بەس کە گوێی لە دەنگی بۆق دەبێت،
هەست بە زیکر دەکات.
شەو، دەڵێت: باکم نییە، گەر تیمساحیش قووتم بدات!

-٧-
شەو، کوفرێکی هاوکێشەیی دەکات و
بە حەمامچی، دەڵێت: خۆ لفەکەی لێیە،
لەگەڵ سابوونێکیش لە کەفی زەریا؟
ئەوەتانێ خۆر وەک خەجگەڕۆکی لێهاتووە؛
دەڵێی سەی پێ سووتاوە، بە ماڵێ نازانێتەوە.
بمدەرێ، با ڕووتی بکەمەوە و
جوان جوان بیشۆم و سپی بکەمەوە.
مەڵێ: خۆر لە ماڵەکەی خۆمدایە،
دنیا بە دەست بوونەوەرێکەوە وەها تێکچووە:

گەر بە دەست من بێت: ناهێڵم لە ژوور بچێتە دەرەوە!

-٨-

شەو، وەها دەڕوانێت: کە شەوچلە بێت یان شەفتاریی،
بە سەبری خۆی، کات دەژمێرێت.
گوێناداتە ترپەی دڵانێک، بە هەوەسی خۆی:
لەگەڵ چرکەدا کاتی بدات.
ئیشی شەو، درێژخایەنە: بە پێی پەتی دەڕوات،
ئیشی مرۆڤ، کورتخایەنە: نیوی بە شوومی دەبات!

-٩-

شەو، چەند دڵنشینە، گوێ لە دڵشکاوێکیش دەگرێت.
ڕووحی دەگەڵ هەوردا تێکەڵ دەبێت و
تنۆک تنۆک... بە شووشەی ئۆتۆمۆبیلێکدا دێتە خوارێ.
ئەو دڵشکاوە هێندەی بگرییێت، ڕۆندکی نەدەوەستا...
هات دڵنەواییی بداتەوە،
بۆ ئەوەی بە هەردوو فڵچەی: شووشەی چاوی بسڕێ!

-١٠-

شەو، لە یەک ساتدا، دوو جۆر خوانە:
ئارامیی دڵانە، لە ماڵی عاریفانە؛
هەمیشە نووری لێ دەردەچێت.
گرژ و خاوبوونەوەیە، سێکسخوانە:
دڵۆپ دڵۆپ... ئاوی لێدەڕژێت.
ئیدی کاری شەوە،
لە هەردوو حاڵەتیدا، ترۆپکی خوانە!

-١١-

شەو، لە دەنگی مەشکەدڕەدا ڕاتدەگرێت؛
کە ڕابمێنیت و، قووڵتر بیتەوە لەو هێزەی:

کە کەسانێک وا دەزانن شەو هەر خامۆشە،
ئیدی چۆن دەتوانێت بە بەرچاوی هەمووانەوە...
لەو دەنگەدەنگەدا: سەرخەوێک بشکێنێت!.

-١٢-

شەو، چەند مشتومڕێکی دەگەڵدا دەکرێت.
خۆر: من هەر دەسووتێم و هێشتا نەچوومەتەوە سەر خۆڵەمێشی خۆم؛
ئیدی چۆن باسی ڕووناکی خۆت دەکەیت.
تۆ، هەر نیت، کە هەیت لە غەیبدایت، ئەی بۆ ناتبینم کە هەیت؟
مانگ: لایەکی ڕوومەتم سپییە و لایەکیش سیا،
ئەی خۆر بە چ دەنازیت، کە نیوەی جوانییم داوە پێت،
بۆ ئەوەیە شێوەی ڕووناکییم، بە زەوی ببەخشیت.
ئەی شەو، بیانووم پێ مەگرە،
بۆیە نیوەی تاریکیی خۆم، بە تۆ بەخشیوە:
تاکو پشوو بە لایەکی ڕوومەتم بدەم و
خۆر ئەو هەموو جوانییەم نەسووتێنێت؛
تۆیەکی شەو بافرێنم و لە تریفەم،
ڕووناکی بەشی خۆت بە زەوی ببەخشیت.
زەوی: کە دەکەومە نێوانتانەوە، دیار دەبێت کە:
کێ جوانە و کێ گڕوێیە.
کێ تاریکە و کێ تیشکدارە.
ئەوەی شەو بە وجوودی خۆی نەزانێت،
لە لاڕێیەکدا بێسەروشوێن دەبێت!
ئەی خۆر، گەر شەو نەبێت، وزەت وێرانم دەکات.
ئەی مانگ، بۆ نوێبوونەوەت، سێبەری منە کە حەشارت دەدات.
سپاس ئەی شەو، کە لە خۆمان دەگریت، وای، کە چەند هێمنیت.

-١٣-

شەو، بە غەمبوون نییە، مرۆڤ بڵێ:
هیچ نییە، تەنیا ڕووحی ماندووم دەدووێنێ.
دوواندنێکی دییە، ڕاتچڵەکێنێ.
خەیاڵێکی دییە، چاوت تروکێنێ.
بچیتەوە نێو خۆت و پێت بڵێ:
مەقامی لاسکەگیا نییە، هەتاو هەڵیپڕووزێنێ.
نهێنی ئاونگ نییە، خودا ئەشکی ڕێشتبێ.
شادومانییە، دەچێتە نێو ڕووحەوە.
بەخشینە، دێتە سەر چۆک و ڕاتدەهێنێ.

-١٤-

شەو، نالاڵێتەوە، هەناوی زووخاو بێت.
وەها عاشق نابێت، خۆی لێ گوم ببێت.
ناکڕووزێتەوە، بە کەم تەماشای بکرێت.
وەک مووچڕکە، بە نێو شیعردا دەچێت.

-١٥-

شەو، ئەفسانە نییە، وەک دێوەزمەیەک بێت و بچێت.
بە جنۆکەی بچووێنیت و ترسی مەرگت لێ بنیشێت.
دڵەڕاوکێ نییە، ڕەنگ و ڕووحت تووشی شڵەژان بێت.
بەخت لای کێ دەگرییەوە، کە شەو خۆی بەخت بێت.
نووشتە لە چ دەکەی، کەی شەو دەنووشتێتەوە بۆت؟
ئەفسوونکار خۆتیت، کە مۆتەکە بە شەوەوە دەگریت.

-١٦-

شەو، دڵشکاوترینە؛ نازانم: نە ئەو شتێکم پێ دەڵێت، نە من بەو.
لەو شاعیرانە نییە، گوێ لە ترپەی دڵی بگرێت، تاکو نیوەشەو.
برینی من، دڵ نییە، بە نێو جیهاندا دەگەڕێم: لەبەر ترپەی شەو،
وەک چۆن شەویش، هەردەم قسەی دی هەیە، لە ڕووناکیی ئەو.

-١٧-

شەو، دەكەوێتە بۆشاییيەوە،
گەر لێی ورد نەبنەوە: دەكەونە چاڵێكەوە.
تا دێت گەورەتر دەبێت، تا دێت قووڵتر دەبێت،
گەر بیر نەكەنەوە، ڕەنگە وەك گەردیلەیەك بمێننەوە.
گەردوون تا هات فراوانتر، دە خۆیدا گەورەتر،
بۆ وەی كە گەورەبوون، بە گەردیلەی خۆتاندا بچنەوە.

-١٨-

شەو، نیشتمانی هەموو ڕووحێكە،
بۆ هەر كوێیەكی دنیا بچیت، وەها بیری دەكەیت...
كە كات بە قاچاغچی بگریت و
بتگەڕێنێتەوە بۆ لای شەو و لە باوەشی بگریت.
شووناسی خۆت، بۆ هەر نەتەوەیەكی دی بگۆڕیت،
ڕەنگی چاوەكانت، بۆ هەر ڕەنگێكی دی بگۆڕیت،
خۆت فێری هەر زمانێكی سەر ئەم زەمینە بكەیت،
هەر دەبێت بە شووناس, ڕەنگ و زمانی شەو قسان بكەیت؛
ئیدی بۆ خۆت لە شەو یاخی دەكەیت؟

-١٩-

شەو، یەك دیوە، نەك وەك مرۆڤ كە دوو دیوە؛
لە نێوەوە، دەگەڵ خۆیدا دەدووێت.
تا نەدووێت، شەوت لا گەورە نابێت،
كە دووا، فێری هەموو زمانێك دەبێت.
شەو، پێش ئێمە، چەند زمانێك فێربووە:
زمانی زاوە: زمانی سۆفیی و عاریفانە،
هەر شەوێكی وێ: درێژتر لە چلەی دەروێشانە.
زمانی زووهرە: دوو دیالێكتی زۆر ئاسانە،
دیالێكتی بەرەبەیانیی و ئێوارانە،
سەرەتاتكێی نێوان دوو ئەویندارە.

زمانی زەوی: دوو شێوەزارە، زاری ئەستێرە و زاری مانگە،
تاڵەکانی خۆریش، لە ئەزەلەوە، دانیان پێدا ناوە.
زمانی بارام: زمانی سوورپێستەکانی ئاسمانە،
«دەیمۆس و فۆبۆس،» نەک دوو مانگ،
دوو جەنگاوەری پێچەوانەن، لە دوو لاوە.
زمانی هورمز: زمانی دیوەخانی پاشای پاشاکانە،
مانگەکانی، وەک کۆیلە وان، هەمیشە لە کڕنۆشدانە.
چوار لەو کۆیلانە: نێویان «کالیستۆ، ئایۆ، گانیمید و ئەورووپا»یە،
بازنەکانیشی، پاسەوانی بەر دەرگەنە.
گانیمید: نامەیەکی وەهای بۆ «گالیلۆ» نووسیوە،
کە تاکو ئێستاش لە چاوگێڕەکەیدا هەڵگیراوە.
زمانی کەیوان: زمانێکە، ستاندارەکەی لەهجەی بازاڕە؛
لە شەو بترازێت، کەس نازانێت بۆ وا مانگەکانی هەڕاج کراوە.
زمانەکانی دیکەی: شەویان بە ڕێنووسی جودا نووسیوەتەوە،
ئەوەی شەوناس نەبێت، زۆر قورسە پیتەکانیان بخوێنێتەوە!

-٢٠-

کە ئەستێرە و مانگ دەبێتە شەڕیان،
کێ هەیە لێکیان بکاتەوە، شەو نەبێت.
لە خوارەوە، تیر دەگرنە سەرەوە،
یەکێ: بە نێوی مانگەوە، دەیەوێت جوانیی بپێکێ؛
یەکێ: بە نێوی ئەستێرەوە، دڵی لە لێدان بکەوێ.
مرۆڤ، چۆن ڕووی دێت، ئەو هەموو وشەیە وەکار بێنێ؛
ئەستێرە و مانگ، بە درۆ، لە بێشکەی ئاسماندا بخەوێنێ!

-٢١-

شاعیران، هەرچی ئەستێرەیە، لە دەبەی ئاسماندا دەیخەسێنن،
وەک ئەوەی ترشیات ئامادە بکەن؛
شەوانیش، دەیخەنە نێو تەرازووەوە و بە دوو دێڕ دەیفرۆشن.

شاعیران، هەمیشە خۆ دەدزنەوە و شەو بە لاڕێدا دەبەن،
لە بری سێوەبنعەرزیلە، بخەنە نێو ترشیاتەوە،
دەبنە فەلسەفەکار، حەوتەوانەی گەورە، بە سێوی ئاسمان دەچوێنن!

-٢٢-

بزووانی ئاسۆی هەوا: بۆڕەبۆڕەکەی زەوی، دەگەیەنێتە شەو؛
تاکو نێزەک نووزەنووزی بۆ بکات و ئاور نیشان بدا شەو.
ئاو، شۆڕ دەبێتەوە نێو ژیان، بڵق بڵق... دەنگ بداتەوە شەو؛
سەرتاپای گەردوون بکاتە ڕۆشنایی، بچێتەوە قووڵاییی شەو.

-٢٣-

شەو، سەرێک لە «میترا» دەدات و دەفەرمووێت:
ئەی میترا، پێم بڵێ: پێش ئەوەی ببیتە پێغەمبەر،
قەت چوویتە حاڵەتی شەوبوونەوە؟
میتراش، دەبێژێت: کە خۆریش پیتاندبێتمی،
من، هەر لە تۆدا گەشەم کردووە ئەی شەو،
با لە زگی زەویشدا هاتبێتمە دەرەوە.
ڕۆژێک دێت... شاعیرێک بڵێت:
ئەوەی گوڵی نیلۆفەر نەناسێت،
نازانێت کە تاکو ئێستاش،
لە ڕۆژدا: دەخەوێت و پڕخەپڕخی دێت!
ئەوەی تۆ نەناسێت ئەی شەو،
نازانێت کە ئەم گوڵە، لە تۆدا دەپشکوێت.

-٢٤-

شەو، وەک نەمرێک، مەرگی هەور دەگێڕێتەوە،
کە ناتوانێت زستانێک خۆی بخواتەوە و
نهێنیی خۆی بە زەوی نەڵێ.
بێ ئۆقرەیی زەوینیش دەگێڕێتەوە،

که ناتوانێت بەبێ هەور، چاوی لە ئاسمان بێ!

-٢٥-

شەو، لەسەر پشت ڕاکشاوە و دەیەوێت بۆ جارێکیش بێ:
خوداوەندەکان نەیتاشن و لە دێڕێکدا شیعری لێ ون ببێ؛
ئەو دەیەوێت: خودا، بە تەنیا ئیلهامی شیعری پێ بەخشێ.
نەک بە دەست شاعیرانێکەوە: ڕۆشناییی خۆی، تێڕابچێ!

-٢٦-

شەو، دەزانێت: کە بە ئەشکەوت چووێنراوە.
کوارتز، وەک نووکی شمشێر تەماشا کراوە.
داوی جاڵجاڵۆکە، وەک قەڵغان وە کار هێنراوە.
بە نێوی تیشکەوە: فەرموودەی تێدا گوتراوە.
شەو، سەرنجی پیت بە پیتی ئێمە دەدات:
بۆ ئەوەی لەم تەنە ئاڵۆزەدا: بمانخوێنێتەوە!

-٢٧-

شەو، کە دەچێتە تەرازووی چاوەکانەوە:
هەر یەکەو، ئەستێرەیەک بۆ خۆی دەکێشێت.
هەیە لە ژمارە نایە، وەک ئەوەی ئەستێرە، گێلاسی سوور بێت.
چاو هەیە: تەنیا فەرهادێکە، ئەستێرەی خۆی بە شیرین دەچووێنێت؛
چارەگێک ئەوین، چارەگێک ترپە و نیو کیلۆش نیگا، لە هەردوو چاوی دەوێت.
چاو هەیە: تازە بە خۆی ڕادەگات، وەک ئەوەی ئاسمان، کۆڵان و گەڕەک بێت،
ئەستێرە لە بن دەرگە دانیشتبێت.
شەویش، دەڵێت: من بۆ وە هاتووم، تاکو بزانم:
قورساییم لای نابینایەک چەند دەبێت؟
نەبادا لەو نێوەندەدا: ڕۆشناییم، بەر ڕووح نەکەوێت!

-٢٨-

شەو، بە مەیخانە کراوە و هەرچی ئەستێرەشە: بە مەیگێڕ.
مانگ، کە لەسەر تەختەی شانۆ بە نیوە ڕووتیی دەردەکەوێت:
هەر یەکە و قاپێک عارەقی خەست، بەدیارییەوە هەڵدەدات.
ئیدی مانگ لە چاویاندا: سەرخۆش دەبێت و بۆیان بادەدات!

-٢٩-

شەو، دەچێتە نێو چوارینەیەکەوە و خەیام پێی مەست دەبێت.
حافز دێت، ئەم مەستییە دەخاتە نێو غەزەلەوە و نقوم دەبێت.
مەستیی خەیام، هێندە قووڵە، ئاوها بە ئاسانی لێک نادرێتەوە؛
حافزیش، بۆ شاخی نەبات، مەست و شەو: شەتوگوم دەبێت.
خەیام، پێویستی بە فاڵ نییە، خۆی مەستیی خۆی دەخوێنێتەوە؛
شەو، لە پیاڵەکەیدا: دەیکاتە فەلەکناس، تا ئەستێرە بخوێنێتەوە.
حافز، خۆی فاڵە، دوای ئەوەی چەند پەنجەیەکی دەسووتێت:
مەقاشیش، پێی دەڵێت: چییە لە تەندووردا بۆ شەو دەگەڕێیت!

-٣٠-

شەو، ڕاستییەکە لە خۆی، لێ وەختی وێرەگان... ڕەنگە هەزاران ڕاڤەی بۆ بکرێت.
لەوەیە سنگی مێرووله، دوو سووڕەتی لەسەر ڕۆشناییی شەونامەی تێدا نووسرابێت.
ڕەنگە دووپشک، دوو دیو بێت: کلکی پڕ ژەهر و سەریشی پڕ پرسیاری شەو بێت.
کیسەڵیش: شەو، بە ئارامیی دەچووێنێت؛ نهێنیی شەو، هەمیشە دە خۆیدا هەڵدەگرێت.

-٣١-

شەو، بەختەوەرییی بە گزنگ دەسپێرێت، تا ئاسۆیەک باڵاتر بەسەر مرۆڤدا بڕوانێت.
ڕۆمانی ئاو، لە دەمی شەونم دەگێڕێتەوە، پێش ئەوەی شەو، دوا

نوێژی خۆی بکات.
شەو، بێدار نابێتەوە، ئەوەی بێدار دەبێتەوە: مرۆڤە؛ کاتێک ڕووناکاییی بەردەکەوێت.
شەو، قسەی کۆتاییی نییە، ئەوەی کۆتا قسەی هەیە: مرۆڤە؛ نازانێت چ بە شەو بڵێت!

کۆتاییی
تەمووزی ٢٠١٧/ قەڵادزێ